# نادیە محمود لەبارەی کۆنگرەی سێهەمی حیزبەوە سەرنجی خۆی بۆ بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر دەردەبری

سەرنجەکانی من لەسەر کۆنگرە ئەوەیەکە: یەکەم، کۆنگرە بەرهەمی خەبات وکاری حیزبی لەماوەی دووسالی رابردوودا، بەرۆشنی نیشاندا. میژووی ئەم دووسالەی رابردوو کەبەکاری ماندوو نەناسیی وشەوانە رۆژی هاوریانیك تیپەری، سەرەنجام بە ئیبرازی حیزب و ریکخستنی ریزەکانی گەیشت، ئەمەش بەتەواوی لە کۆنگرەدا خۆی بەرجەستەکردو خۆی چەسپاند. ئەمە ئیتر بەلگەیە بۆ زیندوو بوونی حیزب، بەلگەیە بۆ ئەوەی حیزب توانی لە ماوەی دووسالی رابردوودا دەستی بگاتە جەماوەری خەلك لەچەندین شار، کەپیشتر لە خەباتی نیهینیدا دەستی پیرانەگەیشتبوو. ئەمەش لە هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تازەی حیزبدا دەرکەوت بەتایبەتی کەتوانرا چەندین کەسایەتی ناسراو لەشارەکانی بەسراو بەغداو ناسریەو کەرکوك بینە نیو کۆمیتەی ناوەندییەوە. راستی دووەمیش ئەوەیە کە 10 کەسایەتی چالاکی ژن بەرەو ئاستە رابەری یەکانی حیزب هاتن ، ئەمە راستییەکی یەکجار دلخۆشکەرە. ئەمە تەنها تەعینکردنیکی روالەتی نییە هەروەك ئەحزابی تر و" کۆمەلەی نیشتمانی" پیی هەستان ئەمانە لەپیشەوە ریژەی بەشداری ژنانیان دیاریکردووە و پاشان هەولدەدەن ژنانیکی بۆ پەیدابکەن وبەمجۆرەش دیکۆری دەسەلات و حیزبەکانی خۆیانی پیتەواوبکەن. بەلام ئەوژنانەی کەکۆنگرەی سیهەم هەلیبژاردن نوینەرانی بەشە جۆربەجۆرەکانی حیزب بوون و لەئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا بەهۆی کار وچالاکییەکەوە کەپیی هەستاون ن، ناسراون. کاریك کەدژی جەنگ و داگیرکارییەو رووی لە بەدەستهینانی مافەکانی ژنان و قوتابیانە ئەمانە ژنانیکن کەلەبزوتنەوەی جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەی عیراقدا چالاکن. مەسەلی سیهەمیش: نونیەرایەتی کردنی ریکخراوە جەماوەرییەکانە لەنیو هۆلی کۆنگرەدا، نوینەرانیك لەکریکاران قوتابیان، ژنان و خەلکی سکولار بەلگەیەك بوو بۆ جەماوەری بوونی حیزب، هەلبژاردنی نوینەرانی بزوتنەوە جەماوەرییەکان، بۆئاستی رابەری حیزب هەستیکی بەهیزە بەوەی حیزب لەسەر ریبازیکی دروست راوەستاوە و کۆنگرەش بریاری لەسەرداوە، بریاریك کە حیزب ببیتە حیزبیکی جەماوەری فراوان لە عیراقدا.

هەرلیرەش بیلم ریکخستنی کۆنگرە خۆی بەراستی کاریکی یەکجار مەزن بوو، کاریکی ئەندازیارانەبوو لەسەرەتاوە تا کۆتایی، بەتایبەتی لەبارودۆخیکی ناهەمواری ئەمنیدا، بەراستی کاریکی سەرکەوتبوو. بەلام باسو مەسائیل و کۆمەلەی ئەو بریارانەی لەکۆنگرەدا کران و خرانە روو دریژەی هەمان ئەو سیاسەت و بۆچوون ولیکدانەوانەبوو کەلەماوەی دووسالی رابردوودا حیزب خستویەتی یەروو .. بەراستی کۆنگرەیەکی گەورەبوو، هەربۆیە ئەرکیکی گەروەشی خستۆتە سەرشانمان کەبەدوای جیهیشتنی هۆلی کۆنگرەدا دەبی عەزم بگرین بۆبەدیهینانیان.